# بەش.. زانستە کۆمەڵایەتیەکان

# کۆلێژ... پەروەردەی بنەرەتی

# زانکۆ... سەڵاحەددین-هەولێر

**بابەت :کوردناسی**

# پەرتوکی کۆرس – ساڵی یەکەم

# ناوی مامۆستا...د.لیزان زرار فتح الله

# ساڵی خوێندن: 2021-2022

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | م. كوردناسی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | د. ليزان زرار فتح الله |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زاسنسته كۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ز.سەلاحەدین-هەولێر |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:lezan.fathulla@su.edu. krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 446 7435 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٢سعات |
| 6. ژمارەی کارکردن | سی رۆژ لە هەفتەدا |
| 7. کۆدی کۆرس | ..... |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ليزان زرار فتح الله<br><br>ساڵی خوێندنی 1989–1992 بڕوانامەی بەكالۆريۆسی لە بەشی مێژوو، كۆلێژی ئەدەبيات–زانكۆی موسل بەدەستهێناوە.<br><br>لە 10/ 1992/11 وەک ماموستا لە ئامادةي دامةزراوة دواى لة 10/1 /1996 ياردەدەری توێژەر لە كۆليژى ئةدةبيات دامەزراوە.<br><br>ساڵی 2002 بروانامەی ماستەری لە مێژووی نوی) بەدەستهێناوە لەبەغدا<br><br>بەشداربوی خولی ٩ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانکۆی سەلاحەددین.<br>بەشداربوی خولی کۆمپیوتەری سەنتەری ئیبن سینا لە زانکۆی سەلاحەدین.<br>بەشداری تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی(ILETES). ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ کاندیدی وەرگیراوی میژوی نوی یە بۆ خوێندنی دکتۆرایە لە کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر<br><br>2019/5/19 دكتۆرام له بەشی مێژوو /كۆلێژی ئاداب – زانكۆی سەلاحەددین تەواوكرد لە پسپۆری کوردی نوی . **بریاردەری بەشی کۆمەلایەتی و بەرپرسی** لیژنەی دلنیایی جۆری<br><br>ئەندامی کۆمەڵەی مێژوونوسانی کوردستان<br>ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان |
| 9. وشە سەرەکیەکان: | **كوردناسی** وئەدەبی وزمانی كوردی وە مێژووی كوردو جوگرافیای ناوچەكانی كوردستان رۆژهەلأتناسی وكوردۆلۆجی . |

### 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

**گرنگی خوێندنی بابەتی كوردناسی، لەوە دەردەكەوێت كە ئەم بابەتە بابەتێكی گرنگی ، قۆناغی یەكەمە ،باس لەهەردوو شارستانییەتی كورد دەكات، كە ناوچەیەكی گرنگی یەكی زۆری هەیە چ لە رۆژهەلأتی ناوەراست چ وە پەیوەندییان لەگەڵ دراوسیەكانی كە بوە هۆی داگیركردنی لەلایەن سەفەویەكان و عوسمانیەكان، ئەم كۆرسە باس گرینگی كوردستان دەكات لەلایەن**

**رۆژهەلاتناسانەوە وەهەوڵدان بەناساندنی کورد، وە لیکۆلینەوە لە نەژادی کورد لەلایەن ئیسلامەکان و رۆژئاوایەکان هەروەها رواداوە گرنگەکانی پەیوەندی هەر دوو شارستانییەت لەگەڵ یەکترو روە جیاوازی و لێکچوەکانی بیروراکانیان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە ،هەرچی چەمکی سەرەکی لەم کۆرسەدا ئەوەیە کە قوتابی ئاشنا دەبێت بەهەندێ چەمك کە بەردەوامی هەیە تا ئێستا یان ئەوەتا گۆرانی بەسەر هاتوە وەك چەمکی ( کوردۆلۆجی ، مەدنییەت ، پێشکەوتن ،داگیرکاری ،فراوان خوازی ،دەسەلات ،ئایین ،مێژوو سەردەمەکانی مێژوو ...هتد ) هەرچی بنەماو بیردۆزەکانی کۆرسە ئەوا بیردۆزەکانی رۆژهەلاتناسی و سەرهەڵدانی کوردناسی لە روانگەی مێژووە وە واتە مێژوو دەبێتە تەوەری روداو لە روانگە فەلسەفییەکەی .لێرەدا فێرخواز ئاشنا دەبێت وە فێردەبێت لەسەر چۆنییەتی دروست بوونی کوردناسی و پێشکەوتنی چەمك و بنەما سەرەکییەکانی کردۆلۆجی زانیباری تەواو لەسەر کوردناسی لە هەموو بوارکانی ( کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیی و ئایینی و بەرێوەبردن و مێژوو و جوگرافیای ناوچەکەو پەیوەندی وزمان و ئەدەبی کوردی میرنیشەکانی کوردی و لەناوچوونیان. هەموو ئەم بابەت و لایەنانەی کە ئاماژەی پێکرا یارمەتی فێرخوازان دەدات چ لە پۆل وەیان وەك مامۆستاییەکی ئایندە باك گراوندێکی مێژوی هەبێت بۆ ئەوەی گفتو گۆ و لێکۆلینەوە و توێژینەوە بکات ،لە ژیانی ئایندەی چونگە مەبەست و هەدەفی ئێمە ئەوەیە کە مامۆستاییەکی تەندروست و ئەکادیمی و پر زانیاری و رۆشنبیر وەبەر بهێنیین لە ئایندەدا .**

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

**ئاما نجی سەرەکی کۆرس ئاشناکردنی قوتابیە بە ئەو گۆرانکارییانەی کە بەسەر مێژووی رۆژهەلاناسی دادێت ،هەر لە مێژوی دروست بونی کۆمەڵگا ئەو پێشکەوتنانەی کە بە خۆییەوە بینیوییەتی بە پێی سەردەمەکانی مێژوو ،کە بریتیییە لە ( دروست بونی مرۆڤاییەتی و چاخەکانی کە کۆن و ناوەراست و نوێ یە لەگەڵ هاتنی هەر سەردەمێك گۆرانکاری گەورە لە مێژوی مرۆڤاییەتی روودەدات ) لە روی کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسی و ئەو بۆچون و تیۆریە فەلسەفیانەی زانایان بۆ چونییان لەسەر دروست بونی کوردناسی و پێشکەوتنیان ، لێرەدا فێرخواز دەتوانێ ئاشنا بێت لەگەڵ کۆمەلێك سەرچاوە وە خەلفییەکی باش و چاك و تەندروستی هەبێت ، وە ئامادە ساز بێ بۆ قۆناغی دوای بکالوریوس ،هەڵبەت دەرچوی ئەم کۆلێژە خۆی دەبێنێتەوە لە قوتا بخانە بنەرەتییەکان وەك مامۆستا وە ووتنەوەی بابەتی کۆمەلایەتییەکان نکە ئەم بابەتە بە شێکە لە بابەتەکانی قوتا بخانە بنەرەتییەکان .**

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

**سەبارەت بە ئەرکی قوتابی چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر وەك ئامادەبون لە پۆل ، وەگفتوگۆ کردن لە بابەتەکە ،وە را پۆرت ئامادە کردن وە خوێندنەوەو پوخت کردنی کتێب و ئە نجام دانی کویز ..**

## 13. رێگەی وانە ووتنەوە

وەک هەر بابەتێکی تری زانستە مرۆییەکان، لە مێژوو بەگشتی و مێژووی خۆرهەڵاتی کۆن بەتایبەتی، رێگای **وانەی ئامادەکراو**(المحاضرە) و رێگای گفتوگۆ(المناقشە) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکی داتاشۆ بۆ نیشاندانی شوێنی جوگرافی و کەرستە و پاشماوەکانی ئەو شارستانیەتانە.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

**ئەو سیستەمەی لە زانکۆی سەلاحەددین موتەبەعە بە شێوەیەکی تەقلیدی ،ئە نجام دانی دوو تاقی کردنەوەیە لەسەر ( 20 ) نمرە ،تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ( 60 ) نمرە**

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

**پەیامی سەرەکی ئەم کۆرسە لەوە دایە کە فێرخواز شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەسەر بابەتەکە لە روی کۆمەلایەتی و ئابوریو ئاینیو سیاسی ،چونکە هەر وەك باسکرا ئەم بابەتە بەشێکە لە بابەتەکانی قۆناغی بنەرەتی قوتا بخانەکان ،جونکە پیشەی دەرچوانی ئەم کۆلێژە مامۆستایە بۆیە مامۆستا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانیاری بەسود و تەندروست بچێتە قوتا بخانەکان وە**

| |
|---|
| **لەگەڵ پراکتیزە کردنی راهێنان لە قۆناغی چوارەم و ئامادە سازی بۆ مامۆستا زانیارییەکی تەواوی دەبێت وە نەوەییەکی نویٚ و پر زانیاری و تەندروست و ئەکادیمی دەدەینە کۆمەڵگا .** |

| |
|---|
| **16. لیستی سەرچاوە:** |


1- الطبری: تاريخ الامم والملوك

2-أبن الاثير: الكامل في التاريخ

3- ابن حوقل :صورة الارض

4- ياقوت الحموي: معجم البلدان

5- المقديسی :احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم

6-میرکیلا کالیتی :کەلتوری کوردی لەنووسراوەکانی ئیتالیدا

7– ئەلبیرت سۆسین:لیکۆلینەوەیەکی فیولوجی زمانی کوردی

8– باسیل نیکتین:کورد لەلێکولینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژووی

9–مینورسکی:الاکراد

10– کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی کورد هیوای سەربەخۆی


| | 17. بابەتەکان |
|---|---|
| | تەوەرەکانی بابەت:<br>**بەشی یەکەم :مێژووی کورد لە بابەتی کوردناسی**<br>**- چەمکی کوردۆلۆجی**<br>**١ - هۆکاری سەرهەڵدانی کوردۆلۆجی**<br>٢-بەکارهێنانی زاراوەی کوردناسی<br>**- بەشی دووەم :نەژادی کوردلەدیدی رۆژهەلأناسەکان**<br>**- سەرچاوەکانی لێکۆلینەوە لەکوردناسی**<br>**- نەژادی کورد لەدیدی کورد و غیری کورد**<br>**- بەشی سێیەم :**<br>**- دانیشتوانی کۆنی کورد**<br>**- هۆزەکانی کورد**<br>**- مێژووی شارستانی کورد**<br>**- پەیوەندی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا**<br>**- میرنیشینەکوریەکان لەسەردەمی ئیسلامیدا**<br>**- کوردلەسەردەمی عوسمانی و سەفەوی**<br>**- هۆکاری رووخاندنی میرنیشینەکوردیەکان**<br>**- بەشی چوارەم**<br>**- کورد لە سەردەمی بیستدا** |

| | |
|---|---|
| - کورد لە پەیماننامدا و گۆنگرەی نێودەوڵەتیدا<br>- جینوساید | |
| 18. بابەتی پراکتیکی | |

19. تاقیکردنەوەکان

1. دارشتن:

پ/کورد لە دیدی کوردناسە ڕۆژئاوایەکاندیاری بکە؟

وەلاّم/

-1

-2

-3

2. راست وچەوت:

پ/باسی چەمکی جینوساید بکە ؟

وەلاّم /

3. بژاردەی زۆر:

20. تێبینی تر

سەرەتا دەستخۆشی بۆ دارێژەرانی ئەم فۆرمەی کۆرس بوکە لەگەڵ دەرخستنی چەند کەمو کوری و سەرنجێك پێویستە بەرێوە بەرایەتی دڵنیای جۆری کار لەسەر تەقویمی زانکۆی بکات وە کاتی دەوام پشوەکان بە پێی تەقویمی زانکۆی بروات ، هەروەها پێداچونەوەیەك لە بەشە وانەی مامۆستایان بکاتەوە ، چونکە دابەش کارییەکان بە پێی پسپۆری نییە ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام بەرەو پێش بچێت .

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ